# فیدرالیزم چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد؟



عرفان تارین(ولەژێر)

**کێشەی کورد، یەکێکە لە مەسەلە میللیە چارەسەرنەکراوەکانی جیهان کە بە هەموو شێوەیەک تەئسیری لەسەر باری سیاسی و ئیقتیسادی نەک تەنها ناوچەکە دا داناوە، بەڵکو خەریکە تەئسیریشی دەبێت بۆ سەر کۆمەلگای نێو دەوڵەتی. جێگا و پێگای جۆگرافی خاکی کوردستان لە نێوان، ئیران، عێراق، سوریا و تورکیا تایبەتیەکی ئەوتۆی بە کێشەی کورد لە ئاستی محەللی و جیهانی داوە، هەر بۆیە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە نەک تەنها لە چوار چێوەی ئەم وڵاتەندا بەڵکو لە نێو کۆمەلگای نێودەوڵەتی دا دژوار و ئاڵۆز کردوە.**

**لێرە دا بە پێویستی نازانم کە باسی جیاوازیە گرنگەکانی ستەمی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە بکەم کە پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، بەڵکو دەمەوێت لێرە دا روونی بکەمەوە کە فیدرالیزم رەبتی بە خواستی خەڵکی کوردستانەوە نیە و چارەسەرێک نیە بۆ لابردنی ستەممی نەتەوەیی، بەڵکوو رێگرێکە و دۆزینەوەی چارەسەر دوا دەخات بۆ کاتێکی نادیار و برینەکان بە سارێژ نەکراوەیی دەهێڵێتەوە.**

**ستەمی میللی لە هەر چوارپارچەکانی دا، و شوێن و پێگای خەلکی کورد وەک مەسەلەیەکی سروشتیە پێ هاتوە. چەندە وڵاتانی داگیرکەر ، دانیان بە بوونی کورد ناوە و بە یەکێک لە پایەکانی کۆمەلگایان داناوە، ئەو زوڵمەی کەم نە کردوەتەوە کە " کورد" بە پلە دوو حیساب نە کردێت. کوردستان لەم وڵاتانە دا هەمیشە لە لایەن حکومەتەکانەوە پشت گوێ خراون و هەوڵێکی بەرچاو نەدراوە بۆ پێشخستنی ناوچە کوردنشینەکان لە بواری گەشەپێدانی ئیقیساد و دابین کردنی پێویستیەکانی ژیانیان. کورد لەم وڵاتانەدا، ئەگەر بیشیەوێ ناو و ناسنامەی خۆی بگۆرێت ، ناتوانێت سنورەکانی ناسنامەی قەومی لەم وڵاتانە دا ببەزێنێت، چونکە سرینەوەی ئیمکانی نیە. ئیمکانی ئەوشی نیە کە بسرێتەو و قەومیەتی خۆی لە بیر بکات. بەڵام مەسەلەی کورد لەم وڵاتانە دا بە حوکمی " عێراقی، ئیرانی، تورکی و سوری" بوونی دەتوانرێت کە چارەسەرێکی یەکجاری بۆ بدۆزێتەوە. چارەسەرەکان زۆرن، بەڵام کام یەک لەمانە دەتوانن خاتمە بێنن بەو ستەمەی کە ساڵیانێکە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردی تێدا دەچەوسێتەوە؟**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## دۆزینەوەی چارەسەر؟

ئەو دەوڵەتانی کە ئەمرۆ بوونیان هەیە لەم ولاتانە دا، ناسیۆنالیستی، فارس، تورک، و عەرەبن کە بەرامبەر نەک تەنها کورد، بەڵکو هەموو دانیشتوانی ئەو ولاتانە دا، بێ ئەندازە سەرکوت کەرانە هەنگاویان هەڵهێناوە. خەلکی کورد، بە درێژایی مێژوو، بە وەحشیانە ترین شێوە دڕندایەتی ئەم ولاتانەیان تەجروبە کردوە. بەلام سرینەوە و لابردنی ئەم حکومەتە ناسیۆنالیستیانەی کە ئەمرۆ بوونیان هەیە لەم ولاتانە دا خەڵکی کوردی لە ژێر دا دەچەوسێتەوە، چارەسەری کێشەی نەتەوەیی ناکات. هەڵبژارنی فیدرالیزم وەک چارەسەرێک دیسان، کۆتایی بەم مەسەلەیە ناهێنێت، لە بەر ئەوەی کە تا ئەو کاتەی کە ناوی " کورد " وەک پێناسەیەک وابیت بۆ توێژێکی کەمینە، بە پلە دوو ناو بنرێت لەم کۆمەلگایانەدا، مەسەلەی کورد و ستەمی میللی هەر لە جێی خۆی دەمێنێتەوە.

لە وەهانیزامێک دا واتا سیستەمی فیدرالی هەمیشە خەڵکی کورد بە پلە دوو حیساب دەکرێت و هەمیشە لە ژێر سووکایەتی، بێ مافی و نائەمنی سیاسی، ئیقیسادی و هەرەشەی زەربەخواردندا دەمێنێتەوە.[1] (بۆ ئەم مەسەلەیە پێشنیهاد دەکەم کەبە رێزان چاوێک بخشێنن بە سەر بەرنامەی حزبی دێموکراتی ئیراندا سەبارەت بە فیدرالیزم).

مەسەلەی کورد لە هەر چوار پارچەکەیدا دەبێت کە وەڵامی پێ بدرێتەوە. تەنها چارەسەرێک کە دەتوانێت کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنێت، دیاری کردنی مافی چارەنووسە کە خەلکی کوردستان لە هەڵبژاردنێکی ئازادانە دا ئینتیخابێک بکەن لە نێوان، چەند بەرنامەی گەلالە پێ دراو، وەک فیدرالیزم، سەربەخۆیی، یان هیچ کام لەمانە.

## ئێمە سەربەخۆییمان دەویت، بەڵام وڵاتەدراوسێ کان و ئەمریکا ناهێڵن

بەرەی ناسیۆنالیزمی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی یەک پاساوی کلاسیکی هاوبەشیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە هەڵگرتنی شعاری سەربەخۆیی بۆ خەلکی کورد لە هەر وڵاتیک دا. ناسیۆنالیزمی کورد، بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی حیزبی تاکەکەسی خۆیان دا خۆیان لە چوار چێوەی ئەم سیناریۆیە و ئەم

---
[1] http://www.pdki.org/articles5-12-3.htm



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پاساوە کلاسیکیە حەشار داوە. ئەم خواستە، واتا سەربەخۆ بوون، شتێک نیە کە ئەنجام دانی بە هیچ جۆر مومکن نەبێت. لاپەرەکانی مێژوو رازێندراوەتەوە بە خەباتی زۆر نەتەوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهان دا بۆ رزگار بوونیان لە وەها ستەمێک. نموونە، شۆرشی نیگاراگوا بە رابەرایەتی ئۆرتیگا لە دژی ئامریکا لە سالی حەفتا کاندا، شۆرشی خەلکی ڤیێتنام بە رابەرایەتی حیزبی کمونیستی ئەو ولاتە سەرەتا دژ بە فەرەنسا، دواتر دژ بە ئامریکا.... لە هەر یەک لەو ولاتانەدا خەڵکەکەی سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هیناو لەو زوڵمەی کە بەسەریانەوە بوو رزگاریان بوو. ئەگەر رابەرانی ئەم دوو ولاتە حازر بوونایە بە وەرگرتنی پلەو پایە و بەرژەوەندی تاکە شەخسی خۆیان، ئامریکا حازر بوو لە هیچ شت درێغی نەکات و بیان داتێ، بەلام خواستی ئەوان شتێکی تر بوو کە لەگەڵ خواستی ولاتە داگیر کەرەکان دا هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نەبوو.**

**ئەوەی کە وڵاتانی ئیراق، ئیران سوریا و تورکیا، هەریەک بە نۆبەی خیان هەوڵی سیاسی، سەربازی و ئیقتیسادی خۆیان دەدەن بۆ رێگرتن لە سەربەخۆ بوونی هەر پارچەیەک لە کوردستان، شتێک نیە سەرسورهێنەر و شتێک نیە کە کەس پێشتر هەستی پێ نەکردبێت، تەنها " رابەرانی ناسیۆنالیستی کورد" نەبێت. بێ گومان ئەم هەوڵە دەدرێت. ئەم هەوڵە هەر ئیستا بوونی هەیە بۆ رێگرتن لە سەربەخۆ بوونی کوردستانی ئیراق. ئەوەی کە باسی لێ ناکرێت، توانایی خەلکی کوردستانە بۆ رووبەروو بونەو و پوچەڵ کردنەوەی هەر جۆرە پیلانێکی ئەم ولاتانە کە رێگر بێت لە سەربەخۆیی کوردستان. بۆ ئەمە بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد، پێویستی بە رابەرایەتیەکی مەبدەئی هەیە، نەک ئەو کەسانەی کە مەسەلەی مادديان لە پێش هەموو شتێک خستوە.**

**ئەمرۆ، بەرخەلافی سالانی پێشووتر، بە شێوەیەکی بەرفراوان تەقسیماتە جیهانیەکان چونەتە ژێر پرسیار و ئالوگۆری نەزەریان تێدا دەکرێت. ئەمرۆ خەڵکی کوردستان بە هەموو شێوەیەک لە توانایان دا هەیە کە ئیرادەی خۆیان بسەپێنن بەسەر وڵاتانی رۆژئاوادا و بەسەر وڵاتانی ناوچەکە دا. ئەمرۆ زیادتر لە سالانی رابردوو، دەرفەتی بە رەسمی ناساندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە لە لایەن ولاتانەوە، و دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنیت کە پەیوەندی بازگانی وئیقتیسادی و دبلۆماسی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دروست بکرێت. ئەمرۆ دەبینین کە ئیراق لە هەموو بوارەکانەو حالی شپرزە و نایەرژێتە سەر ئەوەی کە ئاورێکی بەرچاو بداتەوە نسبەت بە سەربەخۆبوونی کوردستانی ئیراق، و ئیرانیش بۆ خۆی رووبەرووی کێشەیەکی جیهانی بووەتەوە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی و لە سەرو بەندی ئالۆگۆرێکی گەورەدایە کە ئیران لە پێ ئەخات. کەواتا لێرە دا ئێمە دوو دەرفەتی مێژوویی گرنگمان لە دەست دا هەیە بۆ سەربەخۆ بوونی دوو بەش لە کوردستان، یەکەم لە ئیراق دا، و دووهەم لە ئیران دا. تا ئەو جێگایەی کە رەبتی بە دەوڵەتی تورکیاوە هەیە، تەنها هەڕەشەی سەربازی خۆی دەکات، بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا دەیهەوێت بە هەموو شێویەک بە یەکیەتی ئەوروپا بسەلمێنێت کە شایانی ئەوەی هەیە ببێت بە ئەندام لەم یەکیەتیە دا و حازر نیە هەلێکی**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

مێژووی لە دەستی خۆی بدات و ئەزانێت کە دەوڵەتانی فەرەنسا و ئیتالیا بۆ بەهانە دەگەرێن لە ورنەگرتنی ئەم ولاتە وەک ئەندام، بۆیە حازر نیە بە هێچ شێوەیەک شتێکی وەها بدات بەدەستەوە. بۆ نموونە، سالانێک تورکیا حاشای لە بوونی کورد دەکرد لەم ولاتە دا، بەلام لە بەر فشاری یەکیەتی ئەوروپا، ئەم ولاتە ناچار بوو کە چەند رفۆرمێک لە دەستووری دا ئەنجام بدات و دان بە بوونی کورد دا بنێت و رێگا بدات کە مێدیای کوردی ئازاد بێت کە بۆ خۆی لە مێژوو و سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بێ وێنەیە.

## ناسیۆنالیزمی کورد چ قازانجێک دەبینن لە نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەسەلەی میللی؟

ناسیۆنالیزمی کورد بۆ خۆیان ئەو واقعیەتە دەرک دەکەن کە سەربەخۆیی کوردستان بە هیچ جۆر لە قازانجی شەخسی و حیزبی ئەوان دا نیە. کەش و هەوای ئەمرۆ لە کوردستانی ئیراق، و دانانی " فیدرالیزم" وەک چارەسەر بۆ لابردنی مەسەلەی میللی ، کەش و هەوای ژیان و نەش و نمای ئەوانە. مادام کە مەسەلەی میللی بوونی هەبێت و ولاتانێک هەبێت کە هەر رۆژە هەرەشەی مەرگ لە خەلکی کورد بکات، ئەمان هەروا وەک پالەوانی سەر ساحەی سیاسی کوردستان دەمێننەوە. ئەمرۆ لە کوردستانی ئیراق دا ئەو ستەمەی کە لییان دەکرێت لە ژێر سیستەمی عەشیرەیی و حیزبی و بنەماڵەیی دا، لەگەڵ سەرکوتی ولاتانی داگیرکەر دا دوو رووی یەک دراون.

ناسیۆنالیزمی کورد، زۆر لە کۆمەلگای کوردستان و تەرکیبی چینایەتی، پەیوەندەی ئابوری و ئاستی کۆمەلایەتیدا لە دواترن. کوردستان کۆمەلگایەکی لەوە شاری تر و سەنعەتی ترە کە حزبە ناسیۆنالیستەکان لە هەلو مەرجێکی ئاسایی دا بتوانن جێگاو شوێنیان هەبێت لە ساحە ی سیاسی دا. تەنها شتێک کە رێگای بە بوونی ئەمانە دابێت بوونی ولاتانێکی هار و درِندەیە کە هەرەشەی مەرگ دەکات لە خەلکی کوردستان.

لە کاتێک دا کە ئاستی ئابوری ، کۆمەلایەتی ، خەڵکی کوردستان ئاسایی بێتەوە و ئەو فشارە لەسەر خەڵکی کوردستان کەم بێتەوە شارەکان ببن بە مەڵبەندی سیاسی، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد نامۆ دەبن بە خەڵکی کورد و تەرک دەکرێن، چۆنکە هیچ جوابێکیان پێ نیە نسبەت بە خواست و ئارەزووی رۆژانەی خەڵکی کوردستان، باشترین بەڵگە بۆ ئەمە کوردستانی ئیراقە کە باڵی ناسیۆنالیزمی کورد، 16 ساڵە نەیان توانیەوە سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵکی کورد دابین بکەن، وەک ئاو و کارەبا.

هێز و هاوسەنگی چینایەتی لە کۆمەلگای کوردستان دا زۆر بە دژی سیستەمی دەسەلاتی ئەوانە، دیسان نمونە بۆ ئەمەش زۆرە. ئەویش رووبەرووبونەوەی سەندیکای کرێکاری کرێکارانە لەگەڵ دەسەلاتی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ناسیۆنالیزمی کوردی دا. خەڵکی کورد رۆژانە خۆپیشاندان دەکەن بە دژی ئەم دەسەلاتە بۆ بە دەست هێنانی مافی خۆیان. بەرچاوترینیان خۆپیشاندانی شارەکانی هەڵەبجە، کەلار، کفری و سلێمانیە کە لەم یەک دووساڵەی رابردوو دا ئێمە شاهیدی بوین، بەڵگەی زیندو و شاهید حاڵی راستیەکانن. خەڵکی کوردستان بە زۆربەی چین و توێژەکانیەوە ، رۆشنبیران، خوێندکاران، کرێکاران و خاوەن بروانامەکان هەموو خوازیاری چوارچێوەیەکی مودێرنترن لەوەی ئەمرۆ بۆ بەیان کردنی ئارەزوەکانی رۆژانەیان. گەرانەوە بۆ چوار چێوەی ئیراق ( وەک ئەوی ئەمرۆ کە لە ئیراق دا رووی دا پاش 16 ساڵ دابران لەم دەوڵەتە)پێچەوانەی ئەمەیە کە دەسەلاتی حزبە ناسیۆنالیستیە مەزهەبی عەشیرەتیەکان زیادتر بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دا سەقام گیرتر دەکات. هەربۆیە ئەمە نەک تەنها خەتەرێکە کە رووبەرووی خەڵکی کوردستانی ئیراق بوەتەوە، رووبەرووی خەلکی کوردستانی رۆژهەڵاتیش دەبێتەوە لە هەر ئاڵو گۆرێک دا کە لە جمهوری ئیسلامی و ساحەی سیاسی ئەو ولاتە دا دا دەکرێت، بەوەی کە بەرەی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەم بەشە، وەک ناسیۆنالیزمی کوردستانی باشور، خوازیاری مانەوەی ئەوجۆرە ستەمەن و پێیان خۆش نیە کە خەڵکی کورد رزگاریان بێت بۆ پاراستنی مەسەلەی شەخسی و حزبی خۆیان، هەربۆیە هەریەک لەمانە " فیدرالیزم" یان وەک تەنها رێگا چارەیەک هەڵبژاردوە و دەیانەوێت بە زۆری خۆیان و وڵاتانی رۆژ ئاوا بیسەپینن بەسەر خەڵکی زوڵم لێ کراوی کوردستان دا.**

**دیارە کە هەڵبژاردنی هەریەک لەم رێگا چارانە بۆ لابردنی ستەممی نەتەوەیی، لە دەسەلاتی هیچ حزب، و کەسایەتیەک دا نیە کە بیکات بە گوڵ و بیدات لە بەر سنگی. تەنها ئەرکێک کە ئێمە لە سەر شانمانە، روون کردنەوەی ئەو ئاڵتەرناتیوانەیە کە لەسەر رێگای خەڵکی کوردستان دا هەیە، و پێش نیهادی خۆمان بکەین کە هەڵبژاردنی کامیان باشە بۆ دوارۆژیان. بەلام ناسیۆنالیزمی کورد، بەزۆر دەیسەپێنیت بە سەری دا و لە میدیاکانی راگەیاندنی خۆیەوە بانگەوازی ئەوە دەدەن کە " فیدرالیزم" خواستی بێ قەید و شەرتی خەڵکی کوردستانە، لە کاتێک دا هیچ ئامارێک نیە نەک تەنها لە کوردستانی ئیراق دا، بەڵکو لە کوردستانی رۆژ هەڵات دا کە پاڵپشتی قسەکانی ئەوان بن. ئەوە پاساوێکی زۆر سادە و ساوێلکەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد دەیهێنەتەوە، دەنا دەکرێت بپرسین لە کام دەنگ دانی سەربەخۆ و ئازاد دا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگا یەکدەنگ فیدرالیزمیان وەک تەنها ئاڵتەرناتیۆ هەڵبژارد؟ دیارە، هیچ ئامارێک نیە، چونکە ئەمە شتێکە کە رابەرانی ناسیۆنالیزمی کورد لە گیرفانی خۆیانەوە دەریان هێناوە. بەڵام پاڵ پشت بەو ستەمەی کە لە خەڵکی کورد کراوە لە هەر چوار پارچەکەی دا، ئەگەر بوترێت خەلکی کوردستان سەربەخۆییان دەوێت، نەک دوور نیە لە راستی بەلکووتەنانەت هیچ لاین و کەسایەتیەک بە پێویستی نازانیت کە داوای بەڵگە بکات بۆ ئەم بۆچونە، چونکە ئێمە دەتوانین مێژوو وەک بەڵگە بۆ راستی قسەکانمان بخەینە روو.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد، فیدرالیزمی هەڵبژاردوە و لە کوردستانی ئیراق دا بەسەر خەڵکی کورد دا سەپاندوویەتی و لە کوردستانی رۆژهەلآتدا خەریکە هەمان سیناریۆ لە لایەن زەحمەتکێشان و دێموکراتەوە دەسەپیندرێت، لە دوو روانگەوە سەرچاوە دەگرێت:

یەکەم، بۆ رازی کردنی دڵی ناسیۆنالیزمی ولآتانی ئیراق، و ئیران.

دووهەم: بۆ رازی کردنی دڵی بەرەی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئامریکا.

هەموو ئەمانە، بۆ پاراستنی مەسڵەحەتی شەخسی و حزبی خۆیانەویە. بۆ نمونە جەلیل گادانی کە یەکێکە لە ئەندامانی رابەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، دوو ژنی هەیە لە حاڵێک دا، لە تەبعیز دا دەژی. ئەگەر مەسەلەی شەخسی نەبیت، هەڵگرتنی شعاری فیدرالیزم، لە چیەوە دەبێت سەرچاوە بگرێت؟؟ بێ گومان هیچی تر.

## ئەنجام

دەبێت کە ئەم مافە بە خەڵکی کوردستان بدرێت چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، مافێک کە بە درێژایی مێژووی لێی زەوت کراوە. من خوازیاری یەک لا کردنەوەی چارەنووسی کوردستانم لە هەر بەشێکی دا، و لە نێوان دوو ئاڵتەرناتیو دا، مانەوە یان جیابونەوە لەم ولاتانە، رێگای دووهەم پێشنهاد دەکەم بە خەڵکی کورد کە خزمەت بە خۆشگوزەراندن و بەختەوەری خەڵک و ئازادی و سۆسیالیزم دەکەن.

لێرە دا پاڵ پشت بە بەڵگە مێژوویەکان، و ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کورد، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە خواستی خەڵکی زوڵم لێکراوی کورد سەربەخۆییە، نەک فیدرالیٚ و مانەوە لە چوار چێوەی حکومەتی ئەو ولاتانە دا، جا گرنگ نیە کە لە ژێر چ ناوێک دایە، یان کام ولآتی رۆژ ئاوا دیفاعی لی دەکات.

فیدرالیزم، نەک تەنها رێگا چارەیەک نیە بۆ لابردنی ستەممی میللی، بەڵکو دۆزینەوەی چارەسەر دوادەخات و ئێش و نەهامەتی خەڵکی کوردستان وەک خۆی دەهێڵێتەوە. تەنها گۆران کاریەک کە دەکریت، شەریک کردنی چەند کەسایەتیەک و لایەنێکی سیاسیە لە ساحەی سیاسی دا، وەک ئەوەی کە لە کوردستانی ئیراق دا شاهیدی هەین. خواستی خەڵکی کورد سەربەخۆییە، نەک فیدرالیزم.

## سەرچاوەکان



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەرنامەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران

http://www.pdki.org/articles5-12-3.htm

فیدرالیزم و خواستی گەلی کورد: ن. رەحیم رەشیدی

http://www.helwist.com/2%20Geshti/Kesekan/Rehim%20Reshidy/9%20%207%20%20Ferdralizm.htm



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image